www.ewinebook.blogfa.com

ڕەنگە کاڵبووەوەکانی دنیا

گەروس عەبدولمەلکیان

شیعر

وەرگێڕانی لەفارسییەوە

مەریوان هەڵەبجەیی

٢٠٠٨ سلێمانی

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ڕەنگە کاڵبووەوەکانی دنیا

- وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی
- بابەت: شیعر
- تایپ: یانەی قەڵەم
- نەخشەسازی و بەرگ(ناوەندی دیزاینی یانەی قەڵەم)
- چاپ: یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی
- چاپخانە: (یاد) بازاڕی سۆز
- ژمارەی سپاردنی(٩٩٠) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان
نهۆمی سێیەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦

لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرە(٢٥)

بیۆگرافیای شاعیر

گەروس عەبدولمەلکیان دوانزەی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٨٠) لەتاران لەدایکبووە. لەمنداڵییەوە دەستی بەنووسین کردووەو لەتەمەنی چواردە پازدە ساڵاییەوە بەرهەمەکانی لەگۆڤارە منالاّنو میّرد منالاّنەکاندا بلاّوکردۆتەوە. چالاکیو کاری پرۆفیشنالّی خۆی لەچاپی شعرو رەخنەو وتاری ئەدەبی لەگۆڤارە بەناوبانگەکانی وەك، "کارنامە"، "گەوهەران" ، "شیعر"، "الفبا"، "رووکی" هتد.. .. بلاّوکردوەتەوە. لەساڵی (٢٠٠٢) دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی "نیوەی شاراوە" بلاّوکردوەتەوەو ئەم کتێبە خەڵاتی "کتێبی ساڵی شیعری ئەمڕۆی ئێران – کارنامە"ی بەدەستهێناوە ساڵی (٢٠٠٣) بەکالوریۆسی لەبەشی "ئەندازیاری پیشەسازی" لەزانکۆی "ئازاد – ئەهلی" تەواو کردووە. ساڵی (٢٠٠٣) دووەمین کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی "رەنگە کاڵبووەوەکانی دنیا" بلاّوکردۆتەوەو، ئەم کتێبەش یەکێك بووە لەکتێبە هەڵبژێردراوەکانی ساڵی شیعری لاوانی ئێرانو هەروەها یەکێك بوو

لەچوار کاندیداکەی کتێبی ساڵانەی وەزارەتی رۆشنبیری. کۆمەڵە شیعری "رەنگە کاڵبووەوەکانی دنیا" لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا سێ جار چاپکراوەو پێشوازییەکی زۆری لێکراوە. باڵندەی شاراوە لەساڵی (٢٠٠٦)داو بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە. گەروس عەبدولمەلکیان تائێستا چەندین خەڵاتی بەناوبانگی ئێرانیو جیهانی بەدەستهێناوەو دەکرێ ئاماژە بکەین بە:

١–خەڵاتی سەرتاسەری شیعری لاوانی ئێران – بەندەر عەباس ٢٠٠١

٢–خەڵاتی کتێبی ساڵی شیعری ئەمڕۆی ئێران – کارنامە ٢٠٠٢

٣–خەڵاتی سەرتاسەری شیعری لاوانی ئێران "شەوانی شەهریوەر" ٢٠٠٢

www.ewinebook.blogfa.com

فلاشباك

دەرفەتێك نەماوە
وەرە بایەکتر لەئامێزگرین
سبەی
یامن تۆ دەکوژم
یاتۆ چەقۆکە لەئاودا دەشۆی
هەر ئەم چەند دێڕە
دنیا هەر ئەم چەند دێرەی ماوە
لەگەڵ ئەوەی کەمرۆژ
بەمناڵی بمێنێتەوە باشترە
لەدایك نەبێت باشترە

بێ ناو

دات لەشانم
تاتەنیاییت تەکاندبێت
دڵت بەچی خۆشکردووە؟!
تەکاندنی بەفر
لەشانەکانی شێرە بەفرینە

دوو دڵۆ وەستان

تەنانەت گومانم
لەناوی تۆش هەیە
لەدرەختەکانو
لەلقەکانیشیان کەڕەنگە رەگو ریشەکانبن
رەنگە چەندین ساڵ بێت کەلەژێر زەویدا دەژین
کێ جێگای دنیای گۆڕیوە؟
بۆچی باڵندەکان
لەگەدەی ئێمەدا دەفڕەن؟
بۆچی حەبەکان لەدایکبوونم دوا دەخەن؟
چەندین ساڵە
لەژێر زەویدا دەژینو
رەنگە

رۆژێك بەتەمەنی حەفتا ساڵانەوە لەدایکبم
هەستیش بکەم مەرگ
کراسێکە لەبەری دەکەم
دەتوانین قۆپچەکانی داخەیت
یابیکەینەوە
دەتوانیت قۆڵەکانی هەڵبدەیتەوە
دەتوانیت...
مەزەندەکەی من پیاوێکی بەندکراوم
لەوەرزەکانی ئەودیو دیوارەوە

www.ewinebook.blogfa.com

سکێچ

دەریای دووری گەورە
یاچاڵی بچووکی ئاو
جیاوازی نییە
ئەگەر زۆڵ بێت
ئاسمان لەدەستی تۆ دایە

پازل

گەڕاونەتەوە
ئازارە کۆنەکان
وێنە تاریکەکانی
من لەئاوێنەدا
من
لەخەونەکاندا.
ئەمجارەیان دەمەوێت
خۆم
پارچە
پارچە
پارچە بکەم

تابەڵکو دووبارە

دەستی کەسێك

نا!

ئەم پازلە

هەزار جاریش هەڵچنیتەوە

هەر وەك خۆی لێدێتەوە.

خشتەکان

درۆ دیوارێکە

کەهەموو بەیانییەك خشتەکانی هەڵدەچنی

پەنای بێ ئاگای من!

دەرگاکەت لەبیرکردووە

ئاو تاملم هاتۆتە سەرەوە

خشتەکان تا ملم هاتۆتە سەرەوە

ئاو تا لێوم هاتۆتە سەرەوە....

ئاو هاتۆتە سەرەوە

بەڵام من نامرم

من دەبمە ماسی

www.ewinebook.blogfa.com

نوختەی رەش

لەئەم دێرەدا
یالەدێرەکانی دواتردا
نوختەیەك دێت
کۆتایی هەموو پەیڤەکانە.
لەچوارچێوەی غەمگینی پەنجەرەدا
قژی ماندوو
کراسی رەشی کچۆڵەیەك کەدووردەکەوێتەوەو
دووردەکەوێتەوەو
دووردەکەوێتەوە
لەچوار چێوەی غەمگینی پەنجەرەدا
نوختەیەکی رەش
دووردەکەوێتەوە
نوختەیەك

کەکۆتای هەموو پەیڤەکانە.

ژوور

لەدەوروبەری ماڵەکەمدا
ئەو کەسەی بیر لەدیوار دەکاتەوە
ئازادە
ئەو کەسەی کەبیر لەپەنجەرە دەکاتەوە
غەمگینە
ئەوەش کەبەدوای ئازادیدا دەگەڕێت
لەنێوان ژوورێکدا دانیشتووە.
دەوەستێت
چەند هەنگاوێك دەڕوات
دانیشتووە
دەوەستێت

چەند هەنگاوێك دەڕوات
دانیشتووە
دەوەستێت
چەند هەنگاوێك دەڕوات
دانیشتووە
دەوەستێت
چەند هەنگاوێك دەڕوات
دانیشتووە
دەوەستێت
چەند هەنگاوێك دەڕوات
دانیشتووە
دەوەستێت

چەند هەنگاو....
تەنانەت تۆش ماندووبویت لەم شیعرە!
ئیدی
چ بگاتە ئەو
کە
دانیشتووە
دەوەستێت
نا!
کەوت

www.ewinebook.blogfa.com

کام پرد

کچانی شار

بیر لەگوند دەکەنەوە

کچانی گوند

لەئارەزووی شاردا دەمرن

پیاوە بچووکەکان

بیر لەئاسوودەیی پیاوە گەورەکان دەکەنەوە

پیاوە گەورەکان لەئارەزووی ئارامی پیاوە بچووکەکاندا

دەمرن

کام پرد

لەکۆێی جیهاندا

رۆخاوە

کەهیچ کەس ناگاتە ماڵەکەی

کەلاوەکان

بۆ شاری بەم

پەنجەرە رەشە

میّز، رەش

ئاسمان، رەش

بەفر، رەش

خراپ تێمەگە....

نەدەرمانم دەوێت

نەدەروننناس

تەنیا ئەم بەردانە لابە!

خۆڵەکە

کەم

کەم لابدەو

سەیری چاوەکانم بکە!
چاوەکانم کەوەک زەوی خڕە
وێناگەلێکی دنیا
ئەو دنیایەی کەدەرگاکانی قوفڵە
دنیای دیوارە بێ کۆتاکان
هێندەی کەهەر جارە لەبەرامبەر ئاوێنەدا دەوەستم
وێنەی کیسەڵێکی بەپشتا کەوتوو
دەمخاتە چاوەڕوانی ڕێبواریێک
تابێتو دنیا هەڵگێڕێتەوە
شەوێک
لەتاو ئەم هەموو تەنیاییە

دەستەکانمان دەلەرزێتو
هێڵی بەسەردادێت
نیگاری هەموو ساڵەکانمان بەسەر ستاندەکەوە
کەلاوەکانی (بەم) بەسەر ستاندەکەوە
ئەو دیوارانەی کەدروستمان کردووە
ئەو دیوارانەی کەبەسەرماندا روخا
بەڵام
من لەوێنەکانی دواتری ئەم شیعرە دەترسم
دەترسم خودا هەموو دەرگاکان لابات
بیخاتە سەرکۆڵیو دوورکەوێتەوە
دوور
دوور
دوور
هێندە کەمن بنووسم:
ڕۆژێک کلیلە ونبووەکان دەدۆزینەوە
چی لەقوفڵە ونبووەکان بکەین؟

www.ewinebook.blogfa.com

وەرگێڕانێکی خۆم

باڵندەکانی سەربانم خۆشدەوێت
ئەو دانانەش کەهەموو رۆژێك دەیاندەمێ
لەناویاندا باڵندەیەکی بێ وەفا هەیە
کەدەزانم رۆژێك دەچێتە ئاسمانو
ناگەڕێتەوە.
من ئەوم زیاتر خۆشەوێ.

تۆڵە

دەمەوێت بتکوژم
بەڵام
چەقۆ دەکەم بەسنگی خۆمدا
نازانم
تۆ دەکوژرێیت
یامن؟

دۆزەخو گیرفانە دڕاوەکان

ئەملا یا ئەولا

جیاوازی نییە!

مرۆڤ

بەسێبەری درەخت رادێت

بەئاگرنا

بەڵام

هیندەش خراپ نییە کەتۆ پێتوایە

خراپ نییە هەندێکجاریش گیرفانەکانت دڕاوبێت

پلیکانەکانی ئەو تەلارانە لەبیربکەیت کەگەیشتوونەتە

ئاسمان

لەقەراخ شەقامدا دانیشتوو

بەپلیکانەکانی خۆتا بچیتە خوارەوە

پلە

پلە

پلە

تاکەسانێك دەبینی

دانیشتوون

هەندێك دەگرین

هەندێك گۆرانی دەچڕن...

لەپڕ کەسێك دەبینی

کەدەیناسیت

بەڵام....

www.ewinebook.blogfa.com

ڕەنگە نەشی ناسیت

بەڵام....

ئەو زەردەخەنەیەی کەهاتۆتە سەر لێوت

تەنیا تادوو دێڕی تر لامەبە:

لەبەهەشتدا هەندێکجار

لەدۆزەخدا هەمیشە

دەگەیتە خوا.

نادیاری قوفڵەکان

نەهەتاو بەڕەشی رادێت

نەمن

بەتاریکی فاڵی ئەم فنجانە

نەهەتاو بەڕەشی رادێت

نەمن

بەڕەنگە لەکاڵبووەوەکانی ئەم ژوورە.

دەرگاو قوفڵە داخراوەکان زیندوم دەکەنەوە

ئەوەی کەسبەی دێیت

نەك ئەوەی کەدوێنێ هاتووی

ئەمەی کەنیت

نەئەو ماچە وەنەوشەییانە
دەرگاو قوفڵە داخراوەکانی زیندووم دەکەنەوە
دارستانێکی لەتەمدا
نەدرەختەکانی نیوەڕۆی هاوین
نادیاری مەرگ
نەك لەدایکبوونێکی نادیار
دەرگاو قوفڵە داخراوەکانی تۆ....
ئەو شیعرانە نا کەخوێندوتنەتەوە
ئەو دێڕانە کەماوە تۆ زیندو دەکاتەوە
گوێبگرە:

کۆچ
تۆڕەکەم لەهەموو دەریاکاندا کۆدەکەمەوە
ماسییەکان جوانترن لەشیعرەکانی من
ڕێگای ماڵەوەتم لەیادەوەری پێڵاوەکانمدا سڕیوەتەوە
غەمگین مەبە!
خۆشت دەزانی
هەمیشە وێنەی تەنیاییت جوانتربووە
جوانی تۆو ماندویەتی ئەم دیوارە
کەبەرهەرحاڵ پاڵیداوە بەمنەوە
دڵم تەنگە
ڕێك وەك ئەو حاجی لەق لەقەی
کەباڵەکانی بۆ کۆچ تاقی دەکاتەوە
دڵم تەنگەو

www.ewinebook.blogfa.com

دەزانم
ئەم فڕۆکەیە هیچ کاتێك
نانیشێتەوە بەسەر دەریاچەیەکەوە
دڵم تەنگەو
سەری ئەم قوتووە
ناکرێتەوە
دواجار
حەبەکانم دەخۆم

یاری

یارییەکە دەگۆڕیتو
خۆت بەگوریسێکدا هەڵدەواسی
کەچەندین ساڵ لەمەوپێش جۆلانێت پێکردووە
ئێمە
دووبارەی پارچەکانی یەکترین
وەکو تۆ کەجۆلانێ دەکەیت کوڕم
وەك من
کەجۆلانێ بەتۆ دەکەم
تاگوریس لەبیربکەم

ئەو دێڕانەی کەماونەتەوە

من لە تۆ پەنجەرەو

تۆیش لە من پلیکانەت دروستکرد

کە بەرامبەریشت دەوەستم

زەردەخەنەت نا

خەمێکی نامۆ

دێتە سەر لێوەکانت

خوا کە قسەی خۆیکرد

ئەم چەند دێڕە کەماوە

دەنووسم و

نوختە

سبەی

تەنیا وێنەیەکی تۆ دەمێنێتەوە

لە چوارچێوەیەك لە ئاسماندا

لە هەتاودا

منیش کە بەتەواوی راکشاوم

نەبەفر

نەباران

www.ewinebook.blogfa.com

خۆڵ

لە ئاسمانەوە دەبارێت و

دەبارێت

دەبارێت

بەسەرمدا

من گەرم ببووم

تازەش دەزانم

کە چاوەکانت کەم کەم

کەم دەبێتەوە

من تەنیا دەبم

تۆ تەنیا....

نا!

ئەم فەرمانە

بەلابردنی هاوشێوەکەی دەزانم نابێت.

سکێچ (٢)

لە ژێر ئەم ئاسمانە هەورینەدا

بیر لە مانای ناوەکەی دەکاتەوە

گوڵی گوڵە بەڕۆژە.

مێرووله

من مردووم
تەنیا من و تۆش
ئەمە دەزانین
تۆ
کە تەنیا چای دەکەیتە کوپەکەی خۆتەوە
لەوە ماندووترم کە دانیشم
دەچمە شەقام
تەوقە لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم
وەک بڵێی هیچ روونەداوە
وایدانێین کلیلەکەت لە قوفڵی دەرگاکەدا سوڕاند

دڵت ناکرێتەوە
دەزانم
من مردووم
بەس من و تۆش ئەمە دەزانین
کە ئیتر رۆژنامە بە دەنگی بەرز ناخوێنیتەوە
ناخوێنیتەوەو
ئەم بێدەنیگییە منی شێتکردووە
تا ئەو رادەیەی کە هەندێکجار حەز دەکەم
ببمە مێرووڵەیەک
تا لەگەروی شمشاڵێکدا ماڵ دروستبکەم و
(با)ش نۆتەکان بێنێتە ماڵەکەم

www.ewinebook.blogfa.com

یا من لەڕەشایی قیری سەرشەقام بکاتەوەو
بمخاتە سەرکراسە سپیەکەی تۆ
کە دەشزانم
دیسان فڕێمدەدەیت
هەر لەپەنای ئەم دێڕانەدا
هەر لە پەنای ئەم ڕۆژانەدا
لەم ڕۆژانەدا
لە خەونەکانمدا وێنایەک هەیە
دەمترسێنێت
وێنای گوریسێکی هەڵواسراو بە سەقفدا
پیاوێک هەڵواسراوە بە گوریسەکەدا
پشتی لە منەوەیە
تەنیا ئەمە دەزانم منیش
دەترسم هەڵی گەڕێنمەوە

فاڵ

ڕێک وەک فنجانی قاوە
کە بەتاڵ دەبێت
پەنجەرەکە
کەم کەم
بەتاڵ دەبێت
لە وێنای تۆ
ئێستا
من ماومەتەوەو
پەنجەرەیەکی بەتاڵ و
فنجانێک قاوە
کە پەشیمانە لەو قسانەی کە نەکراوە

ستراني تەم

بليتى شەمەندۆفێر دەدرم
لەگەڵ دواين مێگەلى كەڵە كێوييەكانيشدا
دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە
هێندە شاعيرم
كە لقەكانم چرۆيانكردووە
سترانيشم
وەك تەمێك بەسەر دەرياچەدا دەڕوات
تەقينى هەر گوللەيەك تورەييەكە
كە لە تفەنگ كەم دەبێتەوە
سنگم ئامادە كردووە
تا تۆ ميهرەبانتربيت

كەوتن

نەخاك
نەبازنەيەك
لە دەفتەرى نيگاركێشانى كچۆڵەيەكدا
زەوى
سەرێكە كە جيابووەتەوە لە جەستەى
دەسوڕێتەوە بە ئاسماندا
ئێمە وەك (بير)ە هەڵواسراوەكان دەڕژێين
وەك دێرە نادياركانى
سەر دەستى شاعيرێك
بێدەنگييەكى درێژخايەنيش
لەگەروى بەردينى گۆڕستاندا

www.ewinebook.blogfa.com

دەڕژێین
زەرد بەسەر پاییزداو
سەوز کە هەرچی دەگەڕێت
جێگایەك نادۆزێتەوە بۆ دانیشتن دەڕژێین
وەك چای لە فنجانەکەی (ناسرەدین شا)دا
دڵۆپە خوێنەکان لەحەمامی (فین) دا
دەوەرین
ورد
ورد
ورد
وەك بەفر
کە هیچکاتێك هیچ کەس نەیزانی
پارچەکانی هەورێکە کە خۆی کوشتووە

دەوەرین
وەك بۆمبا بەسەرخاکدا
وەك خاك دەڕژێین بەسەر تۆدا
ئەم سێوەش بۆ تۆ کچۆڵە
دووبارە بیربکەرەوە
نیوتن
هەرگیز ئەو شتەی
کە دەبوو بیدۆزێتەوە
نەیدۆزییەوە.

بێدەنگی

هاواری من
بڵند ترنییە لەبێدەنگی تۆ
ئێمە
بەشەقامە گەورەکاندا تێدەپەڕین
تا بەڕێگا بچکۆلەکان بگەین
لەڕێگا بچوکەکانیشەوە...
تاشۆستەیەکی خاکی
لەکۆتایی خۆیدا
من بگەیەنێتە کوخێك
تالەچوارچێوەی پەنجەرەیەکەوە

رابمێنمە ڕێگاو شەقامەکان
هاواری من بڵند ترنییە
لەبێدەنگی تۆ
بێدەنگی تۆ
یادەوەری شەوێکە
کەتیایدا هەموو شاعیرەکانی
سەرزەویان لەژوورێکدا بەند کردووە
بەرەبەیان
دەرگا کرایەوەو
تەنیا منداڵێکیان دۆزییەوە
لەناو کاغەزێکی زۆردا.
مەرگ

www.ewinebook.blogfa.com

لەبەرامبەر دەرگاکەدا گەڕایەوە

وتی:

من ئەوم چەندینجار

لەبەردەم داری لەسێدارەداند دانیشاندووە

چەندینجار بەقولاپی سێدارەدا هەڵمواسیوەو

هیچ جێگەیەکی سنگیشی نادۆزیتەوە

جێ خەنجەری منی پێوە دیار نەبێ

من مەرگم

ئەویش ژیان

هاواری منیش

بڵندتر نابێت لەبێدەنگی ئەو.

ئەودیو شوشەکان

بەسەر شوشە تەمگگرتووەکانەوە دەنووسم

بۆ نمونە میهرەبانی

قژی تۆ

مەرگ

جیاوازی نییە هەر کامیان بێت

هەر وشەیەك

ژنێکە جوانی خۆی لەئاوێنەیەکدا تاقیدەکاتەوە

پیاوێك کەیەك بەیەکی خشتەکان

بەسەر دیوارێ زیندانەکەیەوە تاقیدەکاتەوە

هەر وشەیەك

تەنیا رێبوارێکە کەتێدەپەڕێت

جیاوازی نییە کامیان بێت

ئێمە تەنیا بەسەر شوشە تەمگرتووەکانەوە دەنووسین

تا دارستانی ئەودیو پەنجەرەکە دەرکەوێت.

بێدەنگی لە فنجاندا

چۆن لەگەڵ تۆدا لەبارەی جانتاوە بدوێم؟!
کە دەرگاکە بکەمەوە
دوو فنجانت لە پەنایەکدا داناوە
بۆنی چاییش
من دەبات
بۆ دەستەکانی تۆ
بۆ کاتژمێر چوار
بۆ ئەو بیرە بچووکەی
کە هەستیت و
دڵتەنگیت لە قۆری گوڵی سوردا لێبنێیت
دەرگا دەکەمەوە
بۆنەکان نەماون
کاغەزێك بەسەر مێزەکەوەیە لەسەری نوسراوە:
((چۆن لەگەڵ تۆدا لەبارەی جانتاوە بدوێم؟))

دەرختی کۆن

دڵسارد مەبە لە چرچ و لۆچەکانی روخسارم
دڵساردی زەردەخەنە نارنجییەکان
پاییزێك کە ئیتر پیربوونی نییە!
دەرختێکی کۆنم
هێندە کۆن
کەلە بیرم چووە
رۆژێك
سێوم بووە یان هەرمێ؟
بە ئارەزوو گەلێکی غەمگینەوە
وەك گۆچانێك
قەرەوێلّەیەك
یا پارچەی دار
لەپەنا سۆپایەکدا

www.ewinebook.blogfa.com

ساتەکانی ئێمە

خۆشم دەوێت
نەك لەبەرئەوەی کەڕابەرم بووە
نەك لەبەرئەوەی کە شا بووە
تەنیا لەبەرئەوەی کە هەمیشە
لەساتەکانی من و تۆدا
لەسەر هەموو نێرگەلەکان دانیشتووە
ناسرەدین شا.

کافتریا

لە بیست و چوار ساڵیدا نوسراوە

کافتریایەکی تاریك
بیست و چوار دەقیقە بەرامبەر بەیەك
بیست و چوار دەقیقە بێدەنگی
– رەنگە لەکاڵبووەکان بێنە بەرچاوی خۆت
خەونە ونبووەکان لە تەمدا
راستی دەکرد

نەبوون
زیاتر بوو لە بوون
هەستام پارەی قاوەکەم داو
هاتمە دەرەوە
لە دنیا.

سکێچی (٣)

راماو بەسەر گۆیەکی بچووکەوە
دووبارە لێکیدایەوە
جێگایەك نەبوو بۆ دارستانی بێ کۆتا
جێگایەك بۆ دەریایەك تا دەڕۆیت
ناگەیتە کۆتاییەکەی
چاوەکانی تۆی خوڵقاند.

باڵندەی ئاشتی

نەڕێگایەك بە خەون دەگات
نەخەونێك بەڕێگایەك
دەگەڕێمەوە
بۆ رەنگە لەکاڵبووەوەکانی دنیا
بۆ قژی دایکم
پێش ئەوەی کە باوکم بیهۆنێتەوە
بۆ خاك
پێش ئەوەی کە تۆ بچیتە ژێرییەوە
ئەو کتێبە بچووکە غەمگینەش
– بوون بەپەیامبەر لەدوورگەیەکی بەتاڵدا–

www.ewinebook.blogfa.com

پێکەوە
لەیەکتر هەڵهاتووین
لەخاکەوە
بۆ ژێر خاك
دەڵێی هەموو جادەکانیان
بە قیاس کێشاوە
دەڵێی مەرگیش نوختەیەکە
کەپاش کۆتایی هەموو رستەکان دادەنرێت
ئەو باڵندە بچووکەش
کە خەونی من و تۆ بوو
ئەو باڵندەی ئاشتییە

گەڵایەکیان خستووەتە دەمیەوە
تا بێدەنگ بێت
لە شەوەوە هەڵهاتووم بۆ شەو
دەستەکانت بەرەو تاریکی ببەو
دەستت بەر هەرشتێکیش کەوت
باوەڕی پێبکە.

فلّچه

ناوت لەناو کەوانەیەکدا دەنووسم
کەبۆ هەمیشە دای دەخەم
پاش چەندین ساڵ
وەک دەرگایەکی کۆنە دەیکەنەوە
ژنەکە رامایە دەلاقەکەو پیاوەکە
بەهێمنی دوورکەوتەوە
ئێستا فلّچەکە هەلّگرە!
قژی ژنەکە سپیکە
گرامافۆنەکە بکوژێنەوە.
خەمیش لەناو چوارچێوە رەشەکاندا
بەهەموو دیوارەکاندا هەلّواسە

لەکێشانی تەونەکانی جالّجالّۆکەدا ئازادی!
دەرگاکە دادەخرێت و
ناویشت لە کەوانەیەکدا دەنووسم
کەبۆ هەمیشە دای دەخەم
پاش چەندین ساڵ
وەک گۆڕێک هەلّی دەدەنەوە
پیاوێک
قەلّەمەکەی
دەستی
دلّی
لەلای کەوانەیەکی غەمگیندا
گیری کردووە
ئێستا فلّچەکە هەلّگرە!

www.ewinebook.blogfa.com

تەم

تەم لە ئاسمانەوە دێت
تەم بەسەر زەویدا دەڕوات
هەندێکجار دڵ دەداتە دەریاو
هەندێکجار بە دارستان
لەناو ئەم گومانەشدا
هێدی هێدی
بلاودەبێتەوە
تەم لە ئاسمانەوە دێت
تەم بەسەر زەویدا دەڕوات

من تەمم
کە هەندێکجار دڵ دەدەمە زەوی
هەندێکجاریش بە ئاسمان
لەنێوان تۆ و خوداشدا
هێدی هێدی
بلاودەبمەوە

خەوی ئەم خەنجەرە

خەوی ئەم خەنجەرە
منی شێتکردووە
جیاوازی نییە
کە بەدەستی تۆوە بووە
یابەسنگی ئێمەوە
یا لەناو مشتی ئێمەدا
یابەسەر پشتی تۆوە
خەوی ئەم خەنجەرە
شێتی کردووم
بەفریش دەبارێت
بەسەر دێڕە شعرەکانمدا

بەفریش لەودیو پەنجەرەکەوە دەبارێت

بەفر

بەفر

بەفر

تازە دەزانم
بەفر ماندویەتی خودایە
تا ئەو رادەیەی کە هەست دەکەیت
خەتکوژێنەکەی هەڵگرتووەو
دەیهێنێت بەسەر ناوی من و
هەموو شەقامەکان و
بیرەوەرییەکان و
خەنجەرەکاندا

www.ewinebook.blogfa.com

دڕۆکانی شاعیرێك

مشکێك کلکی

لەبەر هەتاوەوە دەباتە سێبەر

ژیان سەیر دەڕوات

دەتوانیت هەستیت و

قژت بڕژیتە ئاوێنەوە

دەتوانیت ئەم دێڕانە

وەك ملوانکەیەك

بکەیتە مل و پاشنیوەڕۆ بەپیاسە هەموو

شەقامەکان بگەڕێیت

دەرگاکە

لەدوای خۆت داخە!

پەنجەرەکەم کردۆتەوە

چەندە پێویستم بەهەوایە

هەوا لە سرنجێکی بچووکدا.

تیاماوم چی بکەم؟

دەبمە درەخت

تۆ پاییزی

دەبمە کەشتی

تۆ لەڕادە بەدەر تۆفانیت

تفەنگەکەت هەڵگرەو

بە ئاسوودەیی قسەی خۆت بکە!

ژیان

جانتاکەی کۆکردەوە

مەرگیش تەلیفۆن ناکات.

بوومەتە موسافیرێك لە شەمەندۆفێرێکی دووردا

کە دەبێت لەوێستگەیەکی نادیاردا دابەزێت

هێندە ماندووم

رادەکشێم و

کەم کەم دەچمە ناو خاك

هێندە ماندووم

کەئیدی مەرگیش بەکەڵکم نایەت

www.ewinebook.blogfa.com

من له دریژه پێدان دەترسم
لەوەی کەتابووت
تەنیا ژوریکی تاریکتر بێت
منیش دووبارە ئێسکەکانت بدۆزمەوە.
پارچە "پازل"ەکانی عەشق
دووبارە ڕێکبخرێنەوە
کەسێك جانتاکەی لەوێستگەدا بەجێ بهێڵێت
ئێمە لەناو سێبەرەکانو ریشەی درەختەکاندا پیاسە بکەین
مارەکانیش
ماسییەکانی گۆمی خاك..
لێوەکانم دەخەمە سەر لێوەکانت
ئەڵێی هیچ ڕووی نەداوە
تەنیا گڵۆپیان کوژاندۆتەوە.

دریژەی وێنە

دەستت دریژ دەکەیت
بەڵام
هەرچی سەیردەکەم
دریژەی وێنەکە دیار نییە
چاییەکە لێ دەنێین؟
یا جانتاکە دادەخەی؟
خەوێکی نادیار
ڕێك وەك گەڵایەك بەدەستەکانی باوە
کەنازانین
لەزەویدا هەڵی گرتۆتەوە
یا بەدرەختەوە.

کتێبەکانی یانەی قەڵەم

ناوی کتێب	بابەت	نوسەرو وەرگێڕ
١ ـ فریوو خۆحەشاردان	چیرۆك	عەتا محەمەد
٢ ـ ئایین (هزر سیاسەت)	سیاسی	یاسین عومەر
٣ ــ بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان	سیاسی	ئاوات ئەحمەد
٤ ــ سوەیلا	رۆمان	شارام قەوامی
٥ ــ رۆژی هاتنەکەی عودەی	چیرۆك	ئاوات عەبدوڵڵا
٦ ــ سیماکانی عەقڵانیەت و	سیاسی	ئاوات ئەحمەد
٧ ــ وەنەوشەکەی چوارشەممان	چیرۆك	شیرین.ك
٨ ــ نەبەهەشت لەسەر زەویدایە	سیاسی	ئومێد عوسمان
٩ ــ فیمینیزم	فکری	عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
١٠ ــ لە روانگەی	فکری	ئومێد عوسمان
١١ ــ منداڵباز	رۆمان	فەرهاد پیربالّ
١٢ ــ کیمیاگەرانی وشە	ئەدەبی	یاسین عومەر
١٣ ــ گوزارشتی مۆسیقا	هونەری	حەمە کەریم عارف
١٤ ــ خەمەکانی رۆشنگەری	فکری	ئاوات ئەحمەد
١٥ ــ یەڵماز گۆنەی	هونەری	حەمە کەریم عارف
١٦ ــ هەناسەی پێخەفە	چیرۆك	چنوور سەعیدی
١٧ ــ سادقی هیدایەت	ئەدەبی	حەمە کەریم عارف
١٨ ــ یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی	چیرۆك	سیامەند هادی
١٩ ــ قاڵاو یانی قەفەسێکی شیعر		کەمال ئەمینی
٢٠ ـ تیانووسی پاشای شیعر		یاسین عومەر
٢١ ـ لەسێبەری پرسیارد		سەمەد ئەحمەد
٢٢ ـ زەمین وەك پرتەقاڵێك شیبە شیعر		فەرهاد پیربالّ
٢٣ ـ گێڵاسی خوێن	رۆمان	عەتا محەمەد
٢٤ ـ حەرامترین	چیرۆك	عەلی پێنجوێنی

نرخ(١٥٠٠) دینار